# رای پێنج هاووڵاتی لەسەر کۆبوونەوەی دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆن

**ئا/ قاسم سروش**

ئەوەی ڕوودەدات ئاسایی نییە، بەڵکو کێشەیەکی گەورەیە، دەسەڵات ئۆپۆزسیۆن بانگهێشتی کۆبوونەوەی پێنج قۆڵی دەکات و ئۆپۆزسیۆنیش دەڵێت: ئێمە بەشداری هیچ کۆبوونەوەیەک ناکەین! دەسەڵات دەپرسێت بۆچی بەشداری ناکەن؟ ئۆپۆسیۆن لە وەڵامدا دەڵێت: تا پڕۆژەکانی چاکسازی نەچنە بواری جێبەجێکردنەوە، کۆبوونەوە لەپێناو کۆبوونەوەدا هیچ سوودێکی نییە و تەنها خواردنی سێو و پرتەقاڵ و مۆز دەمێنێتەوە.
هاووڵاتیان سەبارەت بە کۆبوونەوەی پێنج قۆڵی و چاکسازییەکان و بڕیارە جێبەجێنەکراوەکان رای جیاوازیان هەیە، هەندێک پێیان باشە و هەندێکیان بە شتێکی باشی نابینن.

1

**«هیچ کۆبوونەوەیەک ئەنجامی نییە لە کوردستان تا دەسەڵات بەم عەقڵیەتەوە بیربکەنەوە، چونکە وا دەزانن کورسیەکانیان لێ دەسێنن، ئەگەر چاکسازی بکەن لەسەر داوای ئۆپۆزسیۆن».**
ئەمە رای سارێژی مامۆستایە لە هەڵەبجەی شەهید، کە رەشبینە و ئۆپۆزسیۆنیش بە خاوەن ماف دەبینێت بەوەی بەشداریی کۆبوونەوەی نەکردووە. ئاماژەش بەوە دەکات کە «دەسەڵات ئەو چاکسازیانەی پێ ناکرێ کە خۆی وەک پرۆژە ئامادەی کردبوو، جا بگات بەوەی ئۆپۆزسیۆن».

2

قوتابییەکی زانکۆی سلێمانیش سەبارەت بە کۆبوونەوەی پێنج قۆڵی، بۆچوونی وایە لە ئێستادا کورد زیاتر پێویستی بە یەکدەنگی هەیە. ئەو قوتابییە کۆبوونەوەی پێنج قۆڵیش بە پێویست دەبینێت، بە مەرجێک کۆبوونەوەکان ئەنجامی کردارەکییان هەبێت، ئەگەرنا.. کۆبوونەوەکان زیاتر زیان دەگەیەنن بە داهاتووی هەرێمی کوردستان.
(ئارام ئەحمەد ـ قوتابی زانکۆ) لە درێژەی قسەکانیدا دەڵێت:»دەسەڵات ئەگەر ئەو چاکسازییە بکات کە ئۆپۆزسیۆن و شەقام داوای دەکەن، ئەوە دەبێت سەرلەبەری حکومەت بگۆڕێت بە هەموو وەزیرەکانەوە، ئەمەش مەحاڵە بۆ دەسەڵات، ئەگەر ئەنجامی نەبوو، ئەوە ئۆپۆزسیۆن مافێکی رەوای خۆیەتی داوای بکات بە هەر شێوەیەکی تر بێت لە چوارچێوەی یاسادا».
سەبارەت بە بڕیارەکانی سەرۆکی هەرێمیش بۆچوونی وایە کە تەنها خۆڵکردنە چاوی خەڵکە و، (١٪)ی بڕیارەکانی جێبەجێ نەکراون.

3

**«من هەموو کات حەزم بە ئاشتییە»**
ئەمە قسەی خاتوو (رەوشت ئیمان)ی قوتابی زانکۆیە، دەڵێت با ئۆپۆزسیۆن بچێتە حکومەتەوە و دەسەڵات بگرێتە دەست، بزانین چییان پێ دەکرێت. پێی وایە ئۆپۆزسیۆنیش ناتوانێت ئاریشەکان چارەسەر بکات.
خاتو ئیمان لە درێژەی قسەکانیدا روو لە ئۆپۆزسیۆن دەکات و دەڵێت:» کاریان تەنها رەخنەگرتنە و ناتوانن کاری کرداری ئەنجام بدەن». واشی دەبینێت ئەوەی کاری تەنها رەخنە بێت، ئیفلاس دەکات و ناتوانێت هیچ کارێک ئەنجام بدات.

4

**«کۆبوونەوەی پێنج قۆڵی، شتێکی تاقیکراوەیە..»**
رۆژنامەنووسێک کۆبوونەوەی پێنج قۆڵی بەوە ناودەنێت کە دەسەڵات کەوتۆتە قەیرانەوە و دەیەوێت قەیرانەکان بشارێتەوە و خەڵک سەرقاڵ بکات، لە درێژەی قسەکانیدا ئاماژە بە کۆبوونەوەی پێنج قۆڵی دەکات و دەڵێت:»کۆبوونەوەی پێنج قۆڵی شتێکی تاقیکراوەیە بەرامبەر دەسەڵات کە ئەنجامەکەی دۆڕان و بێهودە بووە«. بۆیە من جارێ بە هیچ شێوەیەک بە باش نازانم کۆبوونەوە دەستپێبکات، چونکە ئەمە هەلی زیاتر ئەدات بە دەسەڵات تا بەردەوام بێت لە کارە نادیموکراسیەکانی و کێشەکانیش بشارێتەوە و ون بکات و فێڵێکی تر لە ئۆپۆزسیون بکات.
(سیروان موسلم ـ رۆژنامەنووس) پێ وانییە دەسەڵات ئیرادی هەبێت ئەو چاکسازیانە بکات. ئاماژەش بۆ ئەوە دەکات دەسەڵات ڕێگریش دەکات لە هەرکەسێک بیەوێت و نیازی چاکسازی هەبێت، بەتایبەت ئەو کەسانەی لەناو حیزبەکانی دەسەڵاتدان و دەیانەوێت چاکسازییەکان بە زوویی بێنە ئەنجامدان.
ئەم رۆژنامەنووسە ئۆپۆزسیۆن بە خاوەنی حەق دەزانێت، لەبەر ئەوەی ئەو چاکسازیانەی ئۆپۆزسیۆن هەیانە، جێگەی قبوڵن لای شەقام.
سەبارەت بە بڕیارەکانی سەرۆکی هەرێمیش دەڵێت:» تا ئێستا تەنها یەک بڕیاریش بەتەواوەتی جێبەجێ نەکراوە، چونکە ئەگەر هەڵە نەبم، ئەو تاکە بڕیارەی کە جێبەجێیان کرد، گەڕانەوەی بودجەی ئۆپۆزسیۆن بوو».
ئاماژەش بە دەسەڵاتی سەرۆکی هەرێم دەکات و پێ وایە کە سەرۆکی هەرێم کاریگەرترین کەسی ئێستای هەرێمە و دەسەڵاتی نەک لەسەر پارتی بەتەنیا، بەڵکو بەسەر تەواوی حکومەت و تەنانەت یەکێتیشدا هەیە.

5

**«ئەم کۆبوونەوەیە لەم کاتەدا، بە هەموو شێوەیەک لە بەرژەوەندی دەسەڵات و لە زیانی ئۆپۆزسیۆنە..»**
(ئوسامە ئەنوەر) وای وت. ئەو بە هیچ شێوەیەک رای لەگەڵ ئەوەدا نییە ئۆپۆزسیۆن رازی بێت بە کۆبوونەوە، چونکە پێی وایە بە زیانی ئۆپۆزسیۆن و سوودی دەسەڵات دەشکێتەوە. لە درێژەی قسەکانیدا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە دەسەڵات نیازی چاکسازی نەبووە، بەڵام بەهۆی ئەوەی رەوشەکەی بادینان بەسەریدا شکایەوە، بۆیە ئێستا دەیەوێت کۆبوونەوە لەگەڵ ئۆپۆزسیۆن بکات، بۆئەوەی چاکسازییەکان ئەنجام بدات،
لە ئەگەری نەکردنیشیدا دەسەڵات بە زەرەرمەند دەبینێت بەهۆی ئەوەی داواکاریەکان بەتەنیا هی ئۆپۆزسیۆن نییە، بەڵکو هی خەڵکیشە.
سەبارەت بە بڕیارەکانی سەرۆکی هەرێمیش، بۆچوونی خۆی هەیە و دەڵێت :»هیچ بڕیارێک نابینم لە سەرۆکەوە بە ئیجابی بێت، ئەوەی ئەیبینم لە لیژنەکانیەوە دیارە، بۆیە هەم ئەو و هەم حکومەتەکەی، پێویستە بە بڕیار و کارەکانیاندا بچنەوە«.

# بەراورد بە ساڵی رابردوو ، لەساڵی (٢٠١١)دا لە هەڵەبجەی شەهید کێشەکان کەمیان کردووە

**ڕاپۆت/ یاسین محمد**



شوێن و جوگرافیای هەڵەبجەی شەهید کاریگەری خۆی هەیە لە روداوەکان و کاروباری دانیشتوان و زیادبوون و کەمبوون، هەروەها پرۆژەخزمەتگوزارییەکان و ئەو دەرئەنجامەی کە لە روداوەکاندا لێی دەکەوێتەوە، بۆ ئاگاداربوون لە روداوەکانی ساڵی رابردوو (٢٠١١)و بەراورد بە ساڵی پێشتر، رۆژنامەی یەکگرتوو سەردانی چەند فەرمانگەو بەڕێوەبەرێتیەکی شاری هەڵەبجەی شەهیدی کرد، بەسوپاسەوە بەرپرسان زانیارییەکانیان خستە بەردەمم رۆژنامەکەمان، ئەمەش بەشێکە لەو روداوانە..
بەڕێوەبەرێتی پۆلیسی هەڵەبجە بەم شێوەیە زانیارییەکان ئاماژە پێدەدات:
حاڵەتی دزیکردن (٢٢)، کوشتن (٣)، مردنی روداوەکانی هاتوچۆ (١١)، مردن بە سوتان لە ئافرەتاندا (٦)، خۆکوشتن (٥)، شەڕکردن (٩٨)، هەڵگرتنی چەکی بێ مۆڵەت (٤٦)، هەڕەشەکردن (٢٤٨)، تەزویرکردن (٦)، خنکان (٥)، رفاندن (١)، ڕاوکردن (٥٣). سەرەڕای چەند کێشەیەکی تر کە سەرجەم کیشەکان دەکاتە (١٧٥٤)، ئەمەش بە بەراورد بە ساڵی رابردوو ٢٠١٠ کە (١٨٢٣) کیشە بوو کەمی کردووە بە ئەندازەی (٦٩) کیشە.

سەبارەت بە ئامارەکانی هاتوچۆش بەڕێوەبەرێتی هاتوچۆی هەڵەبجە ئامارەکەی بەم شێوەیە خستەروو کە: ئۆتۆمبێلی دەست بەسەرداگیراو بەهۆی سەرپێچی جۆراوجۆر (٩٣) ئۆتۆمبێل، ماتۆڕی دەست بەسەرداگیراو (٢٠٢) و (٧٠) لەم ماتۆڕانە ڕوانەی گەراجی دەست بەسەراگرتنی سلێمانی کراون، (٨٥) شۆفیری بێ مۆڵەت گیراوەو ڕوانەی دادگای کراون.
(١٥) ئۆتۆمبێل بەنایاسایی کراون بەتەکسی دواتر کراونەتەوە بەسپی واتە تایبەتی، پسوڵەی سزای خێرایی (٧٠) جەلد، (٣٥٠٠) وصل کراو، دیاری کراو(٠٠٠ ، ٩٩٠ ، ٩١) دینار، پسوڵەی سزای دواخراو (٣٧) جەلد، کە دەکاتە (١٨٥٠) پسولە بەبڕی (٠٠٠ ، ٢٩٥ ، ٤٥) دینار.
ئامارەکانی بەڕێوەبەرێتی ئاسایشی شارەزوریش ئاماژەیان بەوە کرد کە حاڵەتی تلیاکی دەست بەسەرداگیراو بە بڕی (٤ گم) لەبەرواری ٥/١٩/ ٢٠١١ لەلایەن کەسێکی بەڕەگەز ئێرانی بەناوی (ع.أ.م)، هەروەها ناوەکانی (ا.ف.م)و (ر.ا.ح)و (ا.ف.ح)و (أ.ق.ف) بەڕەگەز عیراقی بە بڕی (٢٠٠ گم) دەست بەسەردا گیراون لەبەرواری /٢٠١١/٩/٨.
هەرچی تایبەتە بە رێژەی لەدایکبووان و مردووان لە هەردوو رەگەز لە بەڕێوەبەرێتی گشتی تەندروستی شارەزوور ئامارەکان بەم شێوەیەن:
لەدایکبونی منداڵان ڕەگەزی نێر (١٤٦٣) و ڕەگەزی مێ (١٤٣٠) منداڵ، کە کۆی گشتی دەکاتە (٢٩٨٩) منداڵ.
هەروەها (١٣٦) هاوڵاتی مردون و، (٢١٦٣) یش نەشتەرگەریان بۆ کراوە.
بەڕێوەبەرێتی شارەوانی هەڵەبجەش دەربارەی پرۆژەکان ئەوەی خستۆتە روو کە بەم شێوەیەیە:
پرۆژەی جادەو قیری شۆستەی ڕێگاسازی کانی عاشقان و باخی میر، بڕی پارەی تیچوی پرۆژەکە (٣,٨٩٩,٨٨٤,٥٠٠). و پرۆژەی جادەو شۆستەو ڕێگاسازی مامۆستایانی (دوو) بڕی پارەی تێچوو (٦,٧٣٤,٤٣٢,٩٠٠)و، ڕێگاسازی دەروازەی شاروو گەراجی ئامێرەکانی شارەوانی بڕی پارەی تێچوو (٢,٤٧١,٩٧٨,٠٠٠).
بەپێی ووتەی بەرپرسان و لایەنی پەیوەندیدار بە روداوەکان ڕێژەی نەرێنی لە روداوەکاندا کەمی کردووە بە بەراورد بە ساڵی رابردوو، ئەگەرچی روداوەکانی هاتووچۆ ئاماژەی خراپ دەدەن بەدەستەوە کە ئەوەش لەخۆیدا هۆکاری تایبەتی هەیەو لە زۆر شوێندا باسی لێوەکراوە، بەگشتیش ئومێد دەکرێت لە داهاتوودا هۆشیاری خەڵک و خزمەتگوزاری حکومەت ئاراستەیەکی باش بدەنە هاووڵاتیان و ببێتە مژدەیەکی خۆش بۆ هاووڵاتیانی ناوچەکە.

# لە کەرکوک دەیان تەن خۆراکی بەسەرچوو لە ساڵی (٢٠١١) دەستی بەسەر داگیراوە



**بیستون شەریف/کەرکوک**

لەدوای ساڵی )٢٠٠٣(و کرانەوەی سنورەکانی عێراق بە رووی وڵاتانی ناوچەکە هاوردەکردنی کەل وپەل وشتومەک بە تایبەتی خۆراکی ماوە بەسەرچوو و خراپ کە رۆژانە دەیان تەن و بە رێژەیەکی زۆر دێتە بازاڕەکانەوە ئەمەش بەهۆی نەبونی کوالێتی وکۆنترۆڵی جۆریە، هەروەها هۆکارێکی تریش زۆری دەروازەکانی پارێزگای کەرکوکە کە شارەکانی خوارووی عێراق بە هەرێمی کوردستانەوە دەبەستێتەوەو بێ سەروبەری بازاڕەکانی کەرکوکیش هۆکارێکی ترن بۆ ساغ کردنەوەی شتومەکە خراپ بووەکان . بۆ کەمکردنەوەی خۆراکی بەسەرچوو لە بازاڕەکانداو کۆنترۆڵکردنیان بەبەردەوامی (کامیل ساڵەیی) قایمقامی ناوەندی کەرکوک بەهاوکاری تیمەکانی چاودێری تەندروستی کەرکوک لە چەندین هەڵمەتدا لە ساڵی(٢٠١١) چەندین شتومەک و خۆراکی بەسەرچوویان دەست بەسەرداگرتووە، کامیل ساڵەیی لەلێدوانێکیدا بۆ رۆژنامەکەمان ئاماژەی پێکردو وتی لە ماوەی ساڵی (٢٠١١) دا لە کۆگا و بازاڕەکانی کەرکوک توانیمان( ٧٦ )تەن (کاڵاو خۆراکی بەسەرچووی وەک جبس وپەنیر و گۆشت وموعەلەبات) و ( ٦٧٠٠٠ ) لیتر (بەرهەمی شلەمەنی و خواردنەوە گازیەکان و شەربەت و ئاوی موقەتەر) دەستی بەسەردابگرین و لەناوی بەرین. سەبارەت بەداخستنی دوکان و کارگەکان ئەوانەی خۆراکی بەسەرچوویان فرۆشتوە.. کامیل ساڵەیی وتی: لەو ماوەدا (١٠٧)چێشتخانەو دوکانی گۆشت فرۆشی و ئوتیل کە مەرجی تەندروستیان تیانەبوە داخراون، هەروەها ( ١١) کارگەی دروستکردنی خواردنەوە گازیەکان وشلەمەنیەکانی وەک دروست کردنی ماست و هەروەها (٧)کارگەی دروستکردنی ئاوی دڵۆپێنراو(موقەتەر) داخراون، لەبەرامبەر ئەم کارەیاندا خاوەن دوکان وکارگەکانیش سزادراون کە کۆی گشتیان (٧٦)ملیۆن دینار بووە.